# The Position of Kurds Towards the Iraqi–British Agreement of 1930

[1], Nawroz Yaseen Mohammed [2] Dr. Rasoul Muhammed Rasoul
[1] Salahadin University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2695.10*

*Published: 16/8/2026*

## *Abstract*

*The Iraqi–British Agreement of 30 June 1930 represents a significant milestone in the modern history of Iraq, as it paved the way for the country's formal independence from the British Mandate and its subsequent admission to the League of Nations. Despite its importance, the agreement failed to address the political and administrative rights of the Kurdish population in Southern Kurdistan. This study examines the reactions and positions of the Kurdish people toward the agreement. It finds that the majority of Kurds opposed the treaty, primarily because it overlooked their national aspirations and excluded any provisions for Kurdish political or administrative autonomy. Meanwhile, Iraqi and British officials attempted to mitigate Kurdish discontent through diplomatic efforts. The research employs historical analysis and a chronological methodological approach to trace these developments. The findings indicate that the Kurdish response was not uniform. Kurdish elites actively opposed the agreement by issuing protest memoranda and encouraging public demonstrations. At the same time, a limited number of Kurdish tribes expressed support for the treaty. On 6 September 1930, Kurdish protests culminated in demonstrations that were met with violent suppression by Iraqi forces, resulting in casualties among the demonstrators.*

***Keywords:*** *Iraqi–British Agreement of 30th 1930, Kurdish tribes, British diplomacy, Iraqi independence, Kurdish political movement*

# هەڵوێستی کورد بەرانبەر بە پەیماننامەی عێراق – بریتانیا لە ساڵی ١٩٣٠

م. ی. نەورۆز یاسین محمد، [1] – پ. ی. د. رسول محمد رسول

[1,2] زانکۆی سەلاحەدین - زانکۆی سۆران

لە پەیماننامەی ساڵی ١٩٣٠ی کە نێوان عێراق و بریتانیا بەسترا, بە یەکێک لە رووداوە مێژووییەکانی ئەو سەردەمە دادەنرێت، کە تێیدا دەوڵەتی عێراق بەشێوەیەکی ڕەسمی لە قۆناغی ماندێتەوە1 بەرەو سەربەخۆیی و بوون و ئەندامبوون لە کۆمەڵەی گەلان هەنگاوی نا، بەڵام ئەم پەیماننامەیە بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ مافێکی نەتەوەیی کورد واژۆی لە سەرکرا.

جا ئەم توێژینەوەیە بەدواداچوون بۆ هەڵوێست و کاردانەوەی چین و توێژە جیاوازەکانی کورد لە لە کوردستانی باشور دەکات. هەروەها تیشک دەخاتە سەر ئەو نارەزایەتییانەی کە بەهۆی فەرامۆشکردنی مافە سیاسی و کارگێڕییەکانی کورد, چونکە لە پەیماننامەکەدا ئاماژە بە هیچ مافێکی کورد نەدراوە, لە تەنیشت ئەوەشدا باس لە هەوڵە دیپلۆماسییەکانی حکومەتی عێراق و بریتانیەکان دەکات بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە بۆئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەش، پشت بە میتۆدی شیکاری مێژوویی و میتۆدی ڕیزبەندی کات(Chronologically) بەستراوە، بە مەبەستی بەدواداچوون بۆ ڕووداوەکان و شیکردنەوەی هۆکار و دەرەنجامەکانیان .

کۆتایی توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەو دەرەنجامەی کە هەڵوێستی کورد یەکگرتوو نەبووە؛ لە کاتێکدا بەشێکی زۆری شەقامی کوردی و ڕۆشنبیران لە ڕێگەی خۆپیشاندان و یاداشتنامەوە ناڕەزایەتییان دەربڕیوە، هەندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکان هەڵوێستی نەرمی و لایەنگریان نواندووە بەرانبەر ئەم هەڵوێستەی حکومەتی عێراق و بریتانیا . هەروەها دەرکەوت کە شکستی گفتوگۆکان و پشتگوێخستنی داواکارییەکان بووە هۆی تەقینەوەی بارودۆخێکی ناخۆش و دروستبوونی کارەساتی خوێناوی لە ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ لە سلێمانی، کە بەو هۆیەوە پەیوەندیی نێوان کورد و دەسەڵاتی ناوەند چووە قۆناغێکی نوێی ململانێی چەکدارییەوە.

کلیلە وشەکان :پەیماننامەی ٣٠ حوزەیرانی ١٩٣٠، عەشیرەتە کوردییەکان، بریتانیا، حکومەتی عێراق، ناڕەزایەتییەکانی سلێمانی.

**پێشەکی:**

سەرەڕای ئەوەی گەڵی کورد لە باشوری کوردستان لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، خەباتێکی بێووچانیدا، ئەگەرچی کۆمەڵێک بەڵێن مافی خۆبەڕێوەبردنی لە لایەن بەریتانییەکان پێدرا. بەڵام کاتێک لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٣٠ پەیمان لە نێوان عێراق و دەوڵەتی داگیرکاری بریتانیا مۆرکرا، هیچ ئاماژەیەک بە لایەنی کەمی ماف و داخوازی کورد لە پەیماننامەکە نەدرا. بۆیە زۆرینەی کورد لە دژی پەیمانەکە هەلویستی ناڕەزایەتی دەربڕی. ئەگەرچی هێشتا زۆرینەی کۆمەڵگای کوردی قۆناغی بیری عەشایەری و ناوچەگەری تێنەپەڕاندبوو. بیرو بۆچوونەکان لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی هاوبەش و بیر و وشیاریی نەتەوەیی چەکەرەی نەکردبوو، زیاتر لەوەش ئەو ڕۆژگارە حیزبێکی کوردی نەبوو تاوەکو ئەو عەشیرەت و بۆچوونە جیاوازانە یەکبخات. تەنیا یانەی پێشکەوتنی کوردی، کۆمەڵەی پشتیوانی و کۆمەڵەی زانستی هەبوون، کە ئەوانیش تازە دامەزرا بوون. چەند ئەندامێکیان لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی و کەرکوک هەبوون

و چالاكییەكانیان سنوردار و دیاریكراو بوو (جیاوك، ٢٠٠٨، ٨٨). پرسیارە جدییەكانی ئەنجامدانی ئەو توێژینەوەیە بریتین لەوەی بۆچی لەم پەیماننامەیە مافەكانی كورد فەرامۆش كران؟ هەروەها كاردانەوەی چین و توێژە جیاوازەكانی كورد (عەشیرەتەكان و رۆشنبیران) بەرانبەر ئەم پەیماننامەیە چۆن بوو؟ بۆچی لە بەڵگەنامەكان جۆرێك لە دژبەری لە هەڵوێستەكاندا دەبینرێت لە ناو كورد؟ لەلایەک وەستان لە دژی پەیماننامەكە, لەلایەكی دیكە بەرگری و دڵسۆزی نواندنی نەرمی بۆ شا ؟ گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە كە پشتی بە بەڵگەنامەی ڕەسەن و نوێ بەستووە كە بەشێكیان لە ئەرشیفی نیشتمانی بریتانیا و بەشێكی تریان لە (دار الكتب والوثائق) لە بەغدا وەرگیراون. ئەم بەڵگەنامانە دیوێكی نوێمان بۆ دەردەخەن كە ڕەنگە لە كتێبە مێژووییە گشتییەكاندا وەک خۆی ئاماژەیان پێنەكرابێت، بەتایبەت پرسی ڕەزامەندیی هەندێک عەشیرەی كورد .ئامانجی سەرەكی توێژینەوەكە لە سەر دەرخستنی دیوی ڕاستی و بێلایەنی لە ڕووداو وهەلوێستەكانی كوردە لەو سەردەم وتێگەیشتن لەو هۆكارە سیاسی و كۆمەڵایەتییانەی كە بوونە هۆی دروستبوونی كاردانەوە جیاوازەكان نارەزایەتی یان بێدەنگ هەندیک لە كوردەكان.

بەشێكی سەرەكی ئەو سەرچاوانەی كە لەم توێژینەوەیە بەكارهاتوون، بەڵگەنامەی ڕەسەنن كە بەشێكیان بەم دواییانە لە ئەرشیفی نیشتیمانی بریتانی بڵاوبوونەتەوە و بەشێكیشییان بڵاونەكراوەن لە (دار الكتب والوثائق الوطنية – العراقية) لە بەغدا بەردەستن. گرنگیی ئەو توێژینەوەیە لەوەدایە كە ئەوەی لەو بەڵگەنامانە هاتووە جیاوازە لەگەڵ كتێبە بڵاوكراوەكان چونكە زانیارییەكان ئاماژە بە ڕازیبوونی بەشێک لە عەشیرەتەكانی كەركوک و دەوروبەری بە پەیماننامەی عێراقی-بریتانی ١٩٣٠ و یەكپارچەیی عێراق و دلسۆزی بۆ شا فەیسەلی یەكەم ١٩٢١-١٩٣٣ دووپاتكراوەتەوە. دیارترین ئاستەنگ بریتی بوو لە كەمیی سەرچاوە و بەڵگەنامە دەربارەی هەندێک ناوچەی دیاریكراو وەک (ناوچەی بادینان)، بە نموونە سەردانیكردنی غازی كوڕ و جێنشینی مەلیک فەیسەلی یەكەمە بۆ ناوچەكە لە تەمووزی ١٩٣٠، كە تەنیا لە چوارچێوەی

سەردانە فەرمییەکاندا ئاماژەیان پێکراوە، ئەمەش وای کردووە گەیشتن بە هەڵوێستی ڕاستەقینەی خەڵکی ئەو ناوچانە کارێکی قورس بێت.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو تەوەرەی سەرەکی پێکهاتووە: کە تەوەرەی یەکەم باس لە پەیماننامەی عێراقی و بریتانی دەکات لە ساڵی ۱۹۳۰ و لەگەڵ گرنگترین خاڵەکانی پەیمانەکە؛ هەرچی تەوەرەی دووەمە تەرخانکراوە بۆ باسکردن لە هەڵوێستی کورد بەرانبەر پەیماننامەی ساڵی ۱۹۳۰ کاردانەوەی عێراق - بریتانیا بەرانبەریان، توێژی ڕۆشنبیران و کەسایەتییەکان. لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاری مێژوویی، ڕیزبەندی کات Chronologically و وەسفی بەکارهاتوون.

**دەروازە:**

لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی زۆربەی گەلانی ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانی گەیشتن بە مافەکانیان و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دروستکرد، بە پێچەوانەوە گەلی کورد لە ئەنجامی ئەو جەنگە بە پێی پەیمانی سایکس-بیکۆ دابەش بوو بۆ چوار بەش، کە بەشێکی بەر عێراق کەوت ئەوەش دوای ئەوەی هێزەکانی بریتانیا لە ساڵی ۱۹۱۷ توانیان ناوچەکانی خانەقین داگیر بکەن، لە ئۆکتۆبەری ۱۹۱۸ کەرکوک و دواتر لە نۆڤەنبەری هەمان ساڵ موسڵ، هەولێر و سلێمانی بەبێ شەڕ و دوای ئاگربەستی مۆدرۆس لە عوسمانییەکان پاکبکەنەوە. (The National Archives, FO 371/4192; (lyon, 2002, 27). لە بیستەکانی سەدەی بیستەم لە باشووری کوردستان چەند ڕاپەڕین و نارەزایەتییەکی ناوچەیی لە دژی ئینگلیزەکان بەرپابوو، بێ ئەوەی دەرەنجامی دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی لێبکەوێتەوە. دیارترینیان ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحمود (۱۸۸۱-۱۹۵٦) بوو لە نێوان ساڵانی (۱۹۱۸-۱۹۳۱) لە ناوچەی سلێمانی. لەلایەکی دیکەوە بەشێکی عەشیرەتە کوردییەکان هەر لە سەرەتای داگیرکردنی کوردستان بەرژەوەندییان لەگەڵ بریتانیا و عێراق دەهاتەوە، بۆیە بریتانییەکان زیرەکانە سەرۆکی ئەو عەشیرەتانەیان بەکارهێنا،

بەتایبەت لە ڕاپرسییە ڕووکەشییەکەی دانانی یەکەم شای عێراق (فەیسەل کوڕی شەریف ١٨٨٣ – ١٩٣٣) لە ساڵی ١٩٢١ و لکاندنی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بە عێراقەوە لە ساڵی ١٩٢٦. ئەگەرچی بەپێی ڕاسپاردەی لیژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکان دەبووایە مافە کەلتوری و کارگێڕییەکان بۆ دانیشتوانی ویلایەتەکە دابینبکرابووایە کە زۆرینەی کورد بوون (League of Nations,1924, 57).

لەگەڵ نزیکبوونەوەی کاتی کۆتاییهاتنی ئینتیدابی بریتانیا و هەوڵدان بۆ واژۆکردنی پەیماننامەیەکی نوێی ٣٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٠، ئەم بەڵێنانە هەمووی پەراوێز خران. کە ئەم پەیماننامەیە تەنها ئامانج لێی ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و بریتانیا و ئامادەکاری بوو بۆ چوونە ناوەوەی عێراق بۆ ناو کۆمەڵەی نەتەوەکان (١٩٣٢)، بۆیە بە ڕووداوێکی تاریک لە مێژووی سیاسیی کورد دادەنرێت؛ چونکە ئەم پەیماننامەیە بە شێوەیەکی فەرمی و یاسایی چاوپۆشیان لەو  بەڵێن و گەرەنتیانەی کە پێشتر لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە بۆ کورد بڕابوونەوە. ئەم پشتگوێخستنە بووە هۆی دروستبوونی شەپۆلێکی توندی ناڕەزایەتی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان، کە دواتر لە ڕووداوە خوێناوییەکەی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ی بەردەرکی سەرای سلێمانیدا ڕەنگی دایەوە (قەفتان، ٢٠٠٢، ل١١٢). لێرەوە دەتوانین بڵێین پەیماننامەی ١٩٣٠ تەنها ڕێککەوتنێکی سیاسی نەبوو، بەڵکو وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو کە کوردی ڕووبەڕووی ململانێیەکی سەختتر کردەوە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی عێراق, لەلایەکی دیکەش بووە هۆی دروستبوونی دوو جۆر هەڵوێست لە ناو ماڵی کورددا؛ هەڵوێستی نەتەوەیی توند کە داوای مافە چەسپاوەکانی دەکرد، و هەڵوێستی هەندێکیش بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان لە پێشتر دەبینی, وەک لە تەوەرەکانی داهاتوو بەدرێژی باسی لێوە دەکرێت.

### تەوەری یەکەم: پەیماننامەی ساڵی 1930

دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لە ژێر سایەی داگیرکاریی بریتانیا، چەندین ڕێکەوتن و پەیماننامە لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا مۆرکران (تریب، 2002، لە 43؛ عمر، 2005، لە 26)، بەمەبەستی ڕێگەخۆشکردن بۆ دەستێوەردانی بریتانییەکان لە کاروباری عێراقدا. چارەنووسی میللەتی کوردیش پەراوێ دەخرا و پەیماننامەکان زۆربەیان لە بەرژەوەندی کورد نەبوون، بۆ ئەوەی بریتانیا ئامانجە سیاسی و سەربازییەکانی لە ناوچە کوردنشینەکاندا بەرەوپێش ببات.لەهەمان کاتدا، دژایەتیی کوردیان پێدەکرا و سەرکردە کوردەکانیان بە تاقمی چەتە و ڕێگر ناودەبرد. بەپێچەوانەشەوە، کورد وەک کارتێکی فشار بەکاردەهێنرا؛ ئەگەر حکومەتی عێراق ئاستەنگێک لەبەردەم بەرژەوەندەکانی بریتانیا دروستدەکرد، ئەوا بریتانیا هەوڵی نزیکبوونەوەی لەگەڵ کوردەکان دەدا، ئەمەش کارگێڕانی حکومەتی عێراق ناچاردەکرد لە هەڵوێستەکانیان بیربکەنەوە. (ئەحمەد، 2021،162-161 ). کاتێ پەیماننامەی ساڵی ١٩٢٦ لە نێوان بریتانیا و عێراق بەسترا، دەبوایە بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ، عێراق هەر لەژێر سایەی داگیرکاریی بریتانیا بمێنێتەوە (عەلی، 2010، 186)، بەڵام گەلی عێراق بەردەوام لە ڕێگای خەباتی نیشتیمانیەوە تێدەکۆشان و نارەزاییان دەردەبڕی لە دژی کۆلۆنیالزمی بریتانیا، بۆیە بەریتانییەکان ناچاربوون بە کەمکردنەوەی دەستێوەردانیان لە عێراق (الحسني، 1983، ص ص21-22). دواتر لە ساڵی ١٩٢٧ عێراق و بریتانیا ڕازیبوون بە بەستنی پەیماننامەیەک بەمەرجێک باسی سەربەخۆبوونی عێراقی تێدابێت، لەهەمان کات  باسەکەیان تایبەت بوو بە ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردنی عێراق بۆ ئەندام بوونی لە کۆمەڵەی گەلان، هەروەها گرتنەبەری ئەو مەرج و ڕێ و شوێنانەی تایبەت بە ئەندام بوون لەو کۆمەڵەیە، لەبەرانبەر ئەمانەداشدا, پاراستنی  هەموو بەرژەوەندیە سیاسی و ئابورییەکانی بریتانیا بوو لە ناو  خاکی وڵاتی عێراق. بەڵام بە هۆی ڕێکنەکەوتنیان لە سەر هەندێ بەندی ناو پەیماننامەکە، بۆ ماوەیەک وتوێژەکەیان وەستێندرا، دواتر بە هاتنی گلبرت کلایتون مەندوبی High Commissioner سامی بریتانی ، ڕەوشەکەی بەرەو ئاڕاستەیەکی دیکە

برد، دەستی کرد بە وتوێژ و تێڕوانینی هەردوولای  زیاتر نزیک کردەوە بەرەو ڕێکەوتنێک، لە ئەنجامی وتوێژەکان، حکومەتی عێراق داوایکرد پەیماننامەکانی نێوانیان کۆتاییان پێ بێت و داگیرکاری نەمێنێت، هەروەها عێراقیش ببێتە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان (ساڵح، 2012، 99–98).

لە ئەیلولی ١٩٢٩ دا بریتانیا بە ئاشکرا ئەندامێتی عێراقی لەناو ئەو کۆمەڵەی گەلان ڕاگەیاند (نەبەز،2007، 106؛ ماکداوڵ، 2019، 280)، دەستبەجێ ترس و دڵەڕاوکێی لەناو کوردەکانی کەرکوک، هەولێر و سلێمانی بڵاوبوویەوە بەرانبەر بە ئەندام بوونی عێڕاق لەو کۆمەڵەیە، چونکە نیگەران بوون لەوەی ئەگەر بریتانیا مافەکانی کورد نەپارێزێ، هیچ مافێکی کورد لەلایەن عێراقەوە دابین ناکرێت، بۆیە پەرلەمانتاران و گەورە پیاوان و ڕووناکبیرانی کورد، کەوتنە بەرزکردنەوەی نووسراوی سکاڵاو نارەزاییەکانیان بۆ کۆمەڵەی گەلان، لەلایەکی دیکە نوێنەرانی کورد لە ئەنجوومەنی نیشتیمانی عێراق، سکاڵاکانیان ئارستەی عەبدولموحسین سەعدون کرد، چونکە دەیانزانی مافەکانی گەلی کورد لە بەرچاو دەگرێت (ساڵح، 2012، 99).  لە نیسانی ١٩٢٩ شەش ئەندام2 پەرلەمانی کورد ١لە ئەنجومەنی نوێنەران یاداشتێکیان داوەتە سەرۆک وەزیرانی عێراق کە ناوەرۆکی داواکارییەکانیان بریتی بووە لە ئۆتۆنۆمییەکی بەرفراوان بۆ باشووری کوردستان و سێ خاڵی سەرەکی لەخۆ دەگرت:- یەکەم: پێکهێنانی لیوای دهۆک و جیاکردنەوەی لە موسل. دووەم: پێکهێنانی بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی بۆ خوێندنی کوردی. سێیەم: پێکهێنانی یەکەیەکی کارگێڕیی سەربەخۆ بۆ هەریەک لە شارەکانی سلێمانی، کەرکوک، هەولێر و دهۆک لەژێر سەپەرشتی کوردێکی شارەزا، تاوەکو کارە کارگێڕییەکانی تەواوی کارمەندانی نێوان باشووری کوردستان و بەغدا ڕێکبخات ((Burdett, 2015, Vol 7, 577. لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٩ ئەندامە کوردەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق, کەوتنە هەوڵی دامەزراندنی حیزبێکی کوردی، لە جیاتی بەردەوامبوون بە کارکردن لەناو چوارچێوەی حیزبە عەرەبییەکاندا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئیسماعیل بەگی ڕواندوزی و مەعروف جیاوک پرس و ڕایان بە مەلا فەندی کرد  سەبارەت بە

گەنجینەی دامەزراندنی حیزبێکی کوردی لە کوردستانی عێراق، بە ئامانجی بەدەستهێنانی مافەکانی کورد (Burdett, 2015, Vol. 7, pp. 526–527) هەرچەندە ئەوکاتە مەعروف جیاوک تۆمەتبار کرابوو بە هۆکاری خۆکوژییەکەی سەرۆک وەزیرانی عێراق عەبدولمەحسن سەعدون (١٨٧٩–١٩٢٩) ، بەهۆی ئەوەی کە جیاوک لە ئەنجومەنی نوێنەراندا جوێنی بە عەبدولمحسین داوە. ئەمە بارودۆخە وایکرد کە جیاوک دەست لە کاری ئەنجومەنی نوێنەران بکشێتەوە، بەڵام کاپتن چاپمان وەزیری ناوەخۆ جیاوکی، ڕازیی کرد کە بەردەوام بێت لە ئەرکەکەی تا کاتی گەیشتنی نوێنەری نوێی کۆمیسیۆنی باڵای بریتانیا بۆ عێراق (Burdett, 2015, Vol 7, 536-537) .داواکردنی مافی کورد لە لایەن ئەو دوو نوێنەرە و زۆربەی ئەندامە کوردەکانی دیکەی ئەنجومەنی نوێنەران، لە کاتی گفتوگۆکردن لەنێو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەربارەی پەیماننامەی عێراقی و بریتانی، بە جۆرێک بووە هۆکارێک[3] کە, سەرۆک وەزیرانی عێراق (عبدالمحسن سعدون ١٨٧٩–١٩٢٩) لە ١٣ی تشرینی دووەمی١٩٢٩خۆی بکوژێت، ئەوەش لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەخنەی بەشێک لە نوێنەرانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق. هەروەها لە دوای پەیمانەکەش ئەم دوو نوێنەرە دەکەونە چالاکی و پێشکەشکردنی یاداشتی دابینکردنی مافە سیاسی، کارگێڕی و کەلتورییەکانی گەلی کورد چونکە بە پێی بڕیاری کۆمەڵەی گەلان, چونکە دەبوایە ئەو مافانە بۆ کورد دابینبکرابووایە، بەڵام بە هۆی ئەوەی ئینگلیزەکان نەیان دەویست ئێران و تورکیا بڕەنجێنن, بۆیە بە هیچ شێوەیەک ئامادەبوون ناوی کورد بهێنن لە پەیماننامەو ڕێکەوتنە فەرمیەکان, چونکە ئامادەنەبوون دان بە مافە سیاسی و کارگێریەکانی کورد بنێن (جیاوک، ٢٠٠٨، ١٠٩–١١٢). هەروەها سەبارەت ئینگلیزەکان و شێخ محمود وادەردەکەوێت کە ,هەڵوێستی شێخ مەحمودیان بە هەند وەرگرتووە، چونکە لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٢٩ گفتوگۆیان لەگەڵ حەپسە خانی نەقیب هاوسەری شێخ عبدالقادر بەرزنجی کردووە، کە عەشیرەتە کوردییەکانی باشووری کوردستان لە سەر سنووری کرماشانەوە تاوەکو

ناوچەی بارزان لە دژی عێراق و ئینگلیز ڕادەپەڕن و ئەگەرلە حاڵەتێکدا عێراق ببێتە ئەندامی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ساڵی ١٩٣٢ (Burdett, 2015, Vol 7, 529) ئەوەش دەرخەری ئەوەیە کە ئەوکاتە هەماهەنگی لە نێوان شێخ مەحمود و شێخ ئەحمەدی بارزان هەبووە، لە پێناو دەستخستنی مافی نەتەوەیی کورد و ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەرانی کوردستان.

شایەنی باسە لەوماوەیەدا, چەندین یاداشت بەرزکرایەوە، بۆئەوەی مافەکانی کورد لە لایەن حکومەتی عێراق دەستەبەربکرێت بەرلەوەی بچێتە ناو کۆمەڵەی گەلانەوە، چونکە نیاز و مەرامی حکومەتی عێراقیان بۆ دەرکەوتبوو، لە هەوڵی خۆدزینەوەدایە بەرانبەر بە پێدانی مافەکانی کورد (صالح، 2012،99). لەلایەکی دیکە تورکیاش دەستێوەردانی خۆی ئەنجامدا لە هاندانی عەشیرەتە کوردییەکان لە دژی پەیمانی عێراقی و بریتانی ١٩٣٠، ئەوەتا بە پێی بەڵگەنامەیەکی بریتانی لە ١٨ی کانوونی دووەمی ١٩٣٠ ئەفسەرێکی تورک بەناوی (سەید ڕەزا ئەفەندی) لە ڕێگای شەمزینانەوە هاتە باشووری کوردستان، دواتر چووە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەردانی شێخ مەحمودی کرد تاوەکو ٢٤ی هەمان مانگ مایەوە. دواتر لە ٢٧ی کانوونی دووەم تاوەکو ٣ی شوبات گەڕایەوە باشوری کوردستان و لە پشدەر و سەردانی عەباس مەحمود ئاغا4 کرد دواجار لە ڕێگای گەڕانەوەیدا لە ناودەشت5 سەردانی شێخی بارزان (شێخ ئەحمەد) کرد.

لە سەردانی ئەو سەرکردە و سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان، پێیان ڕاگەیەندرا کە تورکیا ئیدارەیەکی سەربەخۆ بە کوردەکانی وڵاتەکەی دەبەخشێت، هەروەها ئامۆژگاریان کرا کەوا یەکبگرن و هەمان داواش لە حکومەتی عێراق بەڵام ئامانجی ڕاستەقینەی تورکیا لە ئەم کارەدا ئەوە نەبوو کە مافی کوردی بداتە دەست، بەڵکو بریتی بوو لە تۆڵەکردنەوە لە حکومەتی عێراق و بریتانیا کە ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان)یان بە هی خۆیان دەزانی، بە ئامانجی زیادکردنی ململانێ و ناکۆکی لە نێوانیانەوە. بە شێوەیەکی ئاشکرا، تورکیا بە هیچ شێوەیەک مافی ڕاستەقینەی کورد نەداوە، تەنانەت هاوکات شۆڕشی ئاگری داغیشی لە نێو برد (Burdett,

2015, Vol. 7, p 573) لە هەمان بەڵگەنامەی نهێنی بریتانی، کە بەرواری ٢٢ی کانونی یەکەمی ١٩٣٠ی تێدایە، دەردەکەوێت کە شێخ مەحمود مەزبەتەیەک بە ناوبراوی کەریم بۆ شێخ ئەحمەدی بارزان دەنێرێت، کە ناوەرۆکەکەی داوای سەربەخۆیی کوردستانە و داوای واژۆ و پشتگیری ناوبراویش دەکات. شێخ ئەحمەدیش واژۆی بۆ دەکات و پشتگیری داواکاری شێخ مەحمود دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، بریتانییەکان ئاماژەیان دەدات, کە چەندان ڕاپۆرتیان وەرگرتووە دەربارەی جووڵە سیاسییەکانی شێخ مەحمود بە ئامانجی گەیشتن بە سەربەخۆیی کوردستان، کە تێیدا پەیوەندیی کردبوو بە ژمارەیەک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی دەوروبەری کەرکوک، وەکو: عەبدولکەریم ئاغا لە قادر کەرەم، ڕەفعەت بەگ و عەزیز عەباس ئاغا لە عەشیرەتی داودە، شێخ عەبدولجەبار لە سەنگاو، هەروەها عەلی ئاغا و غەفور ئاغا لە عەشیرەتی زەنگەنە. زیاتر لەوەش، عەشیرەتەکانی کفری وەک تاڵەبانی، زەنگەنە، {بەیات تورکمان} و جافیش زۆر بێزار بوون لە ئیدارەی ئەو کاتەی عێراق ( Burdett, 2015, Vol 7, pp. 573–574) ئەمەش ئاشکرا دەکات کە نارەزایەتی لە دەسەڵاتی عێراق و داگیرکاری بریتانی تەنها لە کوردەکان نەبوو؛ تورکمانەکانی کەرکوکیش، بە تایبەتی عەشیرەتی بەیات کە بنەماڵەیەکی تورکمانیان هەیە، هەمان بێزاریان هەبوو. لەسەر ئەم بنچینەیەوە، تورکیا لە ساڵی ١٩٣٠، پێش مۆرکردنی پەیمانەکە، چەند شاندێکی ناردە عێراق و باشووری کوردستان بە ئامانجی بەکارخستنی ئەم نارەزایەتییانە بە سوودی سیاسەتی خۆی.

دوای مردنی عەبدولموحسین سەعدونی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، نوری سەعید لە ٢٣ی مارتی ١٩٣٠ لە سەر ڕاسپاردەی مەلیک فەیسەڵی یەکەم بە پەلە کابینەیەکی نوێی حکومەت پێکهێنا (الصطر، 2009، 213). لەم کابینەیە وتوێژەکانی نێوان عێراق و بریتانیا زیاتر نزیک بوون، بۆیە دەستبەجێ پەیماننامەیەکی نوێ لە نێوان هەردوولا مۆرکرا لە ٣٠ی حوزیرانی ساڵی ١٩٣٠، ناوەڕۆکی پەیماننامەیەکە لە یازدە مادده و پاشکۆیەک پێکهاتبوو، لە ناو پەیماننامەکە

زیاتر جەخت لە سەر توند و تۆڵکردنی پەیوەندیە سیاسی و سەربازی و ئابوورییەکانی نێوان هەردوولا بووەوە، وەک: ئاشتەوایی بەردەوام و پابەند بوون بە پەیمانەکە، هەروەها پاراستنی ئاسایشی ناوەخۆی عێراق و بەرگریکردن لە دەستدرێژی هەر هێزێکی دەرەکی بۆ سەر خاکی عێراق, لە بەرانبەر ئەمەدا، شای عێراق بەڵێن دەدات کە بە درێژایی ماوەی هاوپەیمانییەکە، دوو شوێن بدات بە وڵاتی بریتانیا، بۆ جێگیرکردنی دوو بنکەی ئاسمانی سەربازی لە حەبانیە و بەسرا، جگە لەمانە ئەگەر کەم و کورپەک سەبارەت بە جێبەجێکردن یان لێکدانەوەی ئەم پەیماننامەیە سەریهەڵدا و عێراق و بریتانیا نەیانتوانی لە ڕێگەی دانوستانێکی ڕاستەوخۆی نێوانیانەوە یەکلایی بکەنەوە، ئەوکاتە ناکۆکییەکە بەپێی بڕگەکانی کۆمەڵەی گەلان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت (الصطر، 2009، 216-217). نوری سەعید پێویستی بە پەسەند کردنی پەیماننامەکە هەبوو لە ئەنجوومونی نوێنەران، بەڵام لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەو کاتە نەیدەتوانی گرەنتی دەنگی زۆرینە بۆ ئەو مەبەستە کۆبکاتەوە، بۆیە داوای لە شا کرد، بە دەرکردنی فەرمانی ئیرادەی مەلەکی بە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران، شا فەیسەل ئەنجومەنی نوێنەرانی هەڵوەشاندەوە و وەک دەستپێشخەرییەک بۆ هەڵبژاردنێکی تازە، لە ١٠ی تەممووزی ١٩٣٠ حکومەتی نوری سەعید بڕیاری هەلبژاردنی ڕاگەیاند، لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکەدا هێزە نیشتیمانییەکان بانگەشەی شکست پێهێنانی پەیماننامەکەیان دەکرد، لە بەرانبەردا حکومەت ڕێوشوێنی فشار، ساختەکاری و هەڕەشەکردنی لە پێناو سەرخستنی گرتەبەر، ئەوەش وایکرد کە سەرکردەی نیشتیمانی جعفر ئەبو تومەن 6 لە هەڵبژاردنەکە بکشێتەوە، لە ٢٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٣٠ هەلبژاردن لە کەش و هەوایەکی توندوتیژ ئەنجامدرا ( https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=269998#google_vignette من ذاكرة التاريخ: هكذا فرض نوري السعيد معاهدة 1930 على العراق ونال ثقة المحتلين البريطانيين حامد الحمداني accessed 27-11-2025. پاشان ئەو پەیمانە خرایە بەردەم ئەنجوومەنی عێراق،

بۆ ئەوەی ڕەزامەندی لە سەر بدەن (ئەحمەد، 2021، 200). لە کۆی گشتی هەشتا و حەفت ئەندام، شێست و نۆیان دەنگیان بە بەڵێ دا و سێزدە ئەندامیش دەنگیان بە نەخێر دا، هەروەها پێنج ئەندامیش نەهاتبوون، لە ئەنجامدا بە کۆی زۆرینەی دەنگ پەیمانەکە پەسەندکرا (عیسی، 2005، 131-130-129). هەر زوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ناوەڕۆکی پەیمانەکە لە ناو ڕۆژنامەکان نووسەر و توێژەران کەوتنە ناڕەزایی و ڕەتکردنەوەی، بەتایبەتی ئەو ماددانەی لە ناو پەیمانەکە دا هەبوون، بە هیچ شێوەیەک باس لە مافەکانی کوردی نەدەکرد، ئەمەش وایکرد دیسان دەست بکرێت بە ناردنی سکاڵا و بروسکە بۆ سەرۆک وەزیرانی عێراق و مەندووبی سامی بریتانیا (ئەحمەد، 2021، 165)، چونکە بە پێی ناوەڕۆکی ئەو پەیمانە بێت، عێراق وڵاتێکی سەربەخۆ دەبوو و کوردستانیش وەک بەشێکی دانەبڕاوە بەو وڵاتە دەلکێندرا، بەمەش هەموو هەوڵێکی کوردەکان بۆ سەربەخۆیی لە ناودەبرا، بۆیە کوردەکانیش کەوتنە ناردنی سکاڵا و کاردانەوەیان هەبوو بەرانبەر ئەو پەیمانە لە تەوەری دووەم باسی لێوەدەکرێت (ئەحمەد، 2014، 165-166).

**تەوەری دووەم: هەڵوێستی کورد بەرانبەر پەیماننامەی ساڵی ١٩٣٠ کاردانەوەی عێراق - بریتانیا**

نەتەوەی کورد لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بە شێوەیەکی گشتی خێڵەکی و گوندنشین بووە, بۆ تێگەیشتن لە هەڵوێستە سیاسییەکانی کورد لەو قۆناغەدا، پێویستە سەرەتا لە بناغەی دروستبوونی خێڵ وەک پێیگەیەکی کۆمەڵایەتی-سیاسیی لە چەند لایەنێکەوە بکۆڵینەوە. مارتین ڤان برۆنەسن پێیوایە خێڵ لەسەر سێ بنەمای سەرەکی بنیات نراوە. یەکەمیان؛ بنەمای خزمایەتی و یەکگرتوویی ڕەچەڵەکە، بەڵام نوسەر زیاتر جەخت لەوە دەکاتەوە کە خزمایەتی لە خێڵدا زیاتر ڕۆڵێکی بیروباوەڕ(ئایدیۆلۆژی) دەگێرێت و وەک پاساوێک بۆ یەکگرتوویی و دڵسۆزی لە ناو خێڵەکە بەکاردێت، نەک تەنها وەک پەیوەندییەکی بایۆلۆژی ڕاستەقینە (برۆنەسن، ١٩٩٩، ل٤٨-٤٩). بنەمای دووەم بریتییە لەجوگرافیا و زەوی، کە تێیدا خێڵ وەک گرووپێکی ناوچەیی خاوەن

ناوەندێکی دیاریکراو دەردەکەوێت (هەمان سەرچاوە، ل٤٨). سێیەم بنەما کە, و گرنگترینیانە، بەرژەوەندی و ئابوورییەکەیە؛ بەو پێیەی دڵسۆزیی ئەندامان بۆ سەرۆک خێڵ (ئاغا) لە بەرامبەر دابینکردنی ئاسایش و مافی دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە مادییەکانە (وەک زەوی و لەوەڕگا). برۆنەسن ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم بەرژەوەندییە مادییە هێندە بەهێزە دەکرێت گرووپی بێگانە بخاتە ناو خێڵەکەوە یان ببێتە هۆی هەڵوەشاندنەوە و دابەشبوونی خێڵ لە کاتی نەمانی بەرژەوەندییە هاوبەشەکاندا, (هەمان سەرچاوە، ل ل٥١-٥٢).

لە پاڵ ئەم تێڕوانینەدا، بۆچوونێکی دیکەش هەیە کە خێڵ وەک گرووپێکی ناوچەیی دەبینێت کە تەنها لەسەر بنەمای خزمایەتی و بەستەرە کەلتوورییەکان یەکیان گرتووە. بەپێی ئەم تێروانینە بێت، ئەندامانی خێڵ لە ڕووی دابونەریت، شێوەزار و بنەچەوە، خۆیان بە جیاواز لە عەشیرەتەکانی دیکە دەزانن Kostiner, http://ark.cdlib.org/ark:/13030/ft0d5n99hf/ ) Last accessed, 13-12-2023 لەم جۆرە پێکهاتانەدا، ئامانج و دیدگای خێڵ لە سنووری بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی خودی عەشیرەتەکەدا قەتیس دەمێنێتەوە و بە دەگمەن بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان عەشیرەتە جیاوازەکاندا دروست دەبێت؛ بەڵکو زۆرجار کار لەسەر دژایەتیکردنی یەکتر و پاراستنی خاکی دیاریکراوی خۆیان دەکەن. جا ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییە، ئەوانەی کە بڕیاربەدەستن بە ناوی جیاوازی وەک (شێخ، ئاغا، بەگ، میر و سەید), ئەندامەکانیان پابەندی هەموو بڕیارو ڕاسپاردەکان دەبن. ڕەنگدانەوەی ئەم واقیعە خێڵەکییە بە ڕوونی لە هەڵوێستە سیاسییەکانی کورددا دەردەکەوێت، بەتایبەت دەربارەی "پەیماننامەی عێراق و بریتانیا" لە ساڵی ١٩٣٠. لێرەدا دەبینین عەشیرەتەکان خاوەن هەڵوێستێکی یەکگرتوو نەبوون؛ چونکە هەر سەرۆک عەشیرەتێک بەپێی ئەو لۆژیکەی برۆنەسن باسی دەکات، بەدوای بەرژەوەندیی تایبەتی و مادیی خۆیان دەگەڕان نەک بۆلایەنی یکگرتووی نەتەوەیی. لەم چوارچێوەیەدا، دەکرێت

هەڵوێستی عەشیرەتە کوردییەکان بەرامبەر گۆڕانکارییە سیاسییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلین بکەین:

**یەکەم: نارەزایی**

لە دوای بڵاوبوونەی ئەو پەیماننامەیەی ساڵی ١٩٣٠ لە نێوان بریتانیا و حکومەتی عێراق، کاردانەوەی گشتی بەدوای خۆیدا هێنا، بە تایبەتی شارەکانی کوردستان، هەڵوێستی نارەزاییان هەبوو بەرانبەر بەو پەیماننامەیە، بەشێک لە پیاوماقوڵان و ڕۆشنبیرانی شارەکان، لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتە کوردییەکان چەندین نامەی سکاڵایان دەنارد بۆ حکومەتی عێراق و کۆمەڵەی گەلان بۆ ئەوەی کورد وەک مافیکی نەتەوەیی خۆی مافی ئۆتۆنۆمی ناوچەکانی خۆی هەبێت نەوەک بتوێتەوە و بلکێندرێت بە عێراقی عەرەبیەوە (ئەحمەد، 2021، 165).

جێگای باسە لە شارە کوردییەکان نارەزاییەکان بە شێوەیەکی جیاواز دەردەکەوتن، کە هەندێک چین و توێژی کۆمەڵگای کوردی گرتبووەوە، بەشێک لە سەرۆک عەشیرەتە کوردییەکانیش ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە زۆربەی ناوچە جیاجیاکانی باشووری کوردستان، دەنگیان لە پاڵ دەنگی ئەوانە بوو لە دژی بەستنی پەیماننامەکەی ساڵی 1930 ی نێوان بریتانیا و حکومەتی عێراق وەک (عەشیرەتەکانی هەمەوەند، جاف، پشدەر، داودی، تاڵەبانی و دزەیی) سکاڵانامەی خۆیان زوو لە دژی ئەو پەیمانە واژۆ کرد، چونکە دەبووە هۆی لە ناوچوونی خەونی سەربەخۆی هەموو کوردان (ئەحمەد، 2021،165). لە شاری سلێمانی بە بروسکەیەکی نارەزایی لەلایەن سەرۆک عەشیرەت و کەسایەتیە ناسراوەکانی شارەوە ، کە ژمارەیان 41 کەس دەبوو، بۆ مەندوبی سامی بەرزکرایەوە (قادر، 2005، 92). ئەوانەی واژوویان لەو بروسکەیە کردبوو شێخ قادر حەفید زادە، عەزمی بەگ بابان، عیزەت بەگی عوسمان پاشا، ئەفراسیاب بەگی هەورامان، ئەمین بەگی پشدەرو چەندانی تر...)، هەروەها تاقمێک لە کەسایەتی و سەرۆک

عەشیرەتی ناوچەی بادینان یاداشتێکیان بۆ کۆمەڵەی گەلان بەرزکردەوە تیایدا پشتگیریان لە داواکانی شاری سلێمانی دەکرد (قادر، 2005، 92–93)، جگەلەمە, گەورەپیاوان و رووناکبیرانی شاری سلێمانیش چەندین جار یاداشت و بروسکەیان بۆ کۆمەڵەی گەلان ناردووە, هەروەها حەپسەخانی نەقیبیش وەک ژنێک رۆڵی بەرچاوی هەبووە لە هەڵمەتی داواکردن و دەستبەرکردنی مافەکانی گەلی کورد (قەرەناوی، 2022، 91). شاری هەولێریش بەهەمان شێوە دەنگی خۆی خستە پاڵ یاداشتەکەی پیاوماقوڵان و سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان بۆ گەڕانەوەی مافەکانی گەلی کورد (قادر2013، 94). لەلایەکی دیکەوە لە 20ی تەمموزی 1930 لەلایەن 24 سەرۆک عەشیرەتی ناسراو و کەسایەتی کوردەوە یاداشتنامەیەکیان نارد بۆ وەزیری داگیرکاری بریتانیا لە لەندەن و لەوێشەوە بۆ کۆمەڵەی گەلان، بۆ ئەوەی دڵنیایان بکاتەوە لە دەستبەرکردنی مافەکانی گەلی کورد، لەو یاداشتنامەیە داهاتووە و دەڵێن: *"ئێمەی کورد ئۆتۆنۆمیمان دەوێت تکایە دڵنیامان بکەنەوە"* (جیهانی، 2017، 117). لە دوای ناردنی ئەو هەموو یاداشتانەوە مەندوبی سامی بریتانیا و کۆمەڵەی گەلان دووبارە داخوازییەکانی گەلی کوردیان پەراوێزخست, بۆیە معروف جیاوکیش لەلایەن خۆیەوە لە 24ی تەمموز یاداشتنامەیەکی ئاراستەی نوێنەری باڵای عێراق کرد، کە تیایدا باس لە ناردنی ئەو یاداشتانەی پێشووی کردووە, کە هیچ وەڵامێکیان نەدراوەتەوە. لەلایەکی دیکەوە، جەخت لە سەر مافەکانی گەلی کورد دەکات کە کۆمەڵەی گەلان دانیان پێداناوە و پێویستە جێبەجێبکرێت و بۆ ئەم کارەش داوا لە نوێنەری باڵای عێراق کرد دەستپێشخەر بێت لەو کارە بۆ بەدەمەوە هاتنی داخوازییەکانی گەلی کورد ( قادر، 2013، 112). ئەو ناڕەزایەتی و بەیاننامانەی کە عەشیرەت و کەسایەتییە جیاوازەکانی باشووری کوردستان بەتایبەتی کۆمەڵەی پشتیوانی کوردان7، کاریگەرییان سەر کارمەندە پلە باڵاکانی بریتانیا لە عێراق کرد، کە ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد پێشنیاربکەن ، هەروەها بەر لە واژۆکردنی پەیمانەکە، لە رێکەوتی ٨ی شوباتی ١٩٣٠ لە موسڵەوە P Pauler پێشبینی ئەوەی کردووە کە ئەگەر ئەو مافەی

کورد نەدەن زوو یان درەنگ کوردەکان بە مەبەستی دابینکردنی مافەکانیان کاردانەوەی توندیان دەبێت (Burdett, 2015, Vol 7, 582). پێشبینییەکەیان لە جێی خۆی بووە و بە جۆرێک کە دوای دوو مانگ خەڵکی سلێمانی لە دژی پەیماننامەکە ڕژانە سەر شەقام، بەڵام لە بری گوێگرتن و بەدەمەوە چوونیان پۆلیس و چەکدارەکانی عێراقی ژمارەیەکیان لێ کوشتن و بریندار کرد وەک دواتر ئاماژەی پێدەدرێت(نەبەز, 2007، 107؛ عەزیز, تۆفیق 2025، 239).

بەهۆی بەردەوامیی نارەزاییەکانی گەلی کورد بەرانبەر ئەو هاپەیمانیەتە، ڕەوشی کوردستان ناجێگیر و نائارام بوو، لەلایەکی دیکەوە حکومەتی عێراق دەیوست لە ١٠ی ئەیلولی ١٩٣٠ کۆتایی بە هەڵبژاردن بهێنێت، بۆ ئەوەی بە زوویی واژوو لە سەر ئەو پەیماننامەیە بکرێت، چونکە ئەو بارودۆخەی دروستببوو هیچ لە بەرژەوەندی حکومەتی عێراقدا نەبوو، بۆیە دەستبەجێ حکومەتی عێراق و بریتانیا لە ٣٠ی تەمووزی ١٩٣٠ کۆبوونەوەیەکیان سەبارەت بە یەکلاکردنەوەی پرسی کورد ئەنجامدا( قادر، 2013، 98) ئەنجوومەنی وەزیران ٥ی ئابی ١٩٣٠ بڕیاریدا لە سەر ناردنی شاندێک کە پێکهاتبوولە جەعفەر عەسکەری سەرۆک وەزیران بە وەکالەت، مێجەر یۆنگ Major Young وەکیلی مەندومی سامی بریتانیا، جەمیل ئەلمەدفەعی وەزیری ناوەخۆ، جەمال بابان8 وەزیری داد (جیاوک، 2008، 102،.......114) دواتر سەردانی هەریەک لە شاری کەرکوک و هەولێر و سلێمانیان کرد، تیایدا باس لە پەیماننامەکە و واژووکردنیان بە وتار پێشکەشی دانیشتوان کرد، لە هەر سێ شارەکە گفتوگۆی گەرم و گوڕ لە نێوان نوێنەرانی کورد و عێراق ئەنجامدرا، نوێنەرانی کورد بە ڕاشکاوی ئەیان گووت *"لەگەڵ نەتەوەی عەرەب ناتوانن بەیەکەوە بژین و بەڵکو کوردیش دەیەوێت سەربەخۆ بێت, لە ژێر سایەی داگیرکاری بریتانیا, یاخود هەر دەوڵەتێکی دیکە کە کۆمەڵەی گەلان دیاری بکات دابمەزرێنێت"*، بەڵام ئەو داوایانە ڕێک پێچەوانەی خواست و بەرژەوەندییەکانی کاربەدەستانی

عێراق بوو، بۆیە شاندەکەی حکومەتی عێراق گەڕایەوە بەغدا بەبێ ئەوەی بگاتە هیچ ئامانج و ڕێکەوتنێک لەگەڵ کوردەکان (جیهانی، 2017، 115).

**دووەم: ناڕەزای و توندوتیژی**

گەڕانەوەی نوێنەرانی عێراقی و بریتانی بەبێ پشتگیری کورد بۆ بەغدا، بە بێ گوێدانە جێبەجیکردنی داواکارییەکانی کورد، بڕیاریاندا دەستبکرێت بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بۆ ئەم مەبەستە ڕێکەوتی ٦ ئەیلولی ساڵی ١٩٣٠بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی ئەندامانی لیوای سلێمانی دیاریکرا, بۆیە ژمارەیەک لە چین و توێژی جیاواز ئامادەییان دەربڕی بۆ ئەوەی بەشداری هەڵبژاردنەکە بکەن، بەڵام بەمەرجێک پاسەوانیان بۆ دابینبکرێت، ئەوانیش هەریەک لە (حاجی محێدین، غالب ئاغا، مەجیدبگ حاجی ڕەسول بگ، فائق بەگ مارف بگ، سەید ئەجمد بگ داینکە، ..... هتد) بەشداربیوون (قادر، 2013، 151). بەڵام پشتگوێخستن و جێبەجێنەکردنی خواست و داواکارییەکانی گەلی کورد لەلایەن حکومەتی عێراقەوە وایکرد گەلی کورد هەر سووربێت لە سەر درێژەدان بە خەبات و ڕاپەرین و شۆڕشەوە لە بەشێک شارەکانی باشووری کوردستان، بەتایبەتی شاری سلێمانی کە مەڵبەندی ناڕەزایی و خۆپیشاندانەکان بوو (ئەحمەد، 2021،180). لەلایەکی دیکەوە، هەنگاوەکانی حکومەتی عێراق، بە تایبەتی دوای ئەوەی جەمیل ئەلمەدفەعی وەزیری ناوەخۆ، بە بیانووی بێ توانایی و لاوازی لە کاری موتەسەڕیفی، تۆفیق وەهبی لە موتەسەڕفی سلێمانی دوورخستنەوە.ألبان بە وەکالەت کرایەوە موتەسەڕیفی سلێمانی کە جێگری پشکێنەری بریتانیەکان بووە (قادر،2013، 150)، لە ئەنجامی ئەم بڕیارە توورەبوون و ناڕەزایی خەڵکی سلێمانی زیاتری لێکەوتەوە، لە شەشی ئەیلول نزیکەی پەنجا قوتابی بە سەرپەرشتی فایەق بێکەس و رفیق حیلمی بە سروودی نیشتیمانی و گرۆتینێکی زۆر بەرەو بەردەرکی سەرا چوونە و دوکان و بازاڕیان بەخەڵک داخستووە، هەروەها دروشمیان بە دەنگی بەرز لە دژی هەڵبژاردن لێداوە، بە پێی ڕۆژنامەی تایمس کوردەکان هەڵبژاردنێکی ئازاد و بێ

دەستتێوەردان و دوور لە ساختەیان بە دوور زانیوە لەلایەن بەرپرسانی حکومەتی ئەوکاتە، بۆیە لە دژی ئەو هەڵبژاردنە وەستاونەتەوە (مەزهەر، 2008، 164؛عەزیز, تۆفیق,252,2025).

بە پێی سەرچاوەکانی ڕۆژنامەی تایمس و ڕاگەیاندنەکانی حکومەت ژمارەی خۆپیشاندەران تا دەهات ڕوو لە زیادبوون بوو، بە نزیکەی دوو تا سێ هەزار کەسی خۆپیشاندەر خەملێندراوە، کە بەردەرکی سەرایان گرتووە و لە توانای پۆلیس نەبووە بڵاوە بەو ژمارە زۆرەی خۆپیشاندەران بکات، بۆیە بە ناچاری جێگری موتەسەریف (پشکێنەر) ئەلبانی داوای پەلێک (سرییەک) سەربازی کردووە لە فەرماندەی سوپای عێراق، تا کۆنترۆڵی بارودۆخەکەی بەر دەرکی سەرای پێکات (ساڵح، 2012، 125). بەڵام دۆخەکە ئاڵۆزتر بووە، پێکدادان و شەڕ بە دار و بەرد لە نیوان خەڵکەکە و پۆلیس ڕوویداوە، دواتر فەوجێکی دیکەیان داواکردووە بۆ دامرکاندنەوە و تەقە لە خۆپیشاندەران دەکرێت و سەرئەنجام کوژراو و برینداری لێکەوتەوە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ خۆپیشاندانەکە بەردەوام دەبێت و نزیکەی سەد کەس لە خەڵکە کە دەستبەسەر کران (ساڵح، 2012، 125). ئەم ڕووداوە ناڕەزایی توندی شارەکانی کوردستانی بە دوای خۆیدا دەهێنا بە تایبەتی شاری هەولێر، خۆپیشاندانیکی جەماوەری لە دژی ئەم ڕووداوە ئەنجام درا، ئەمەش بووە هۆی دڵەڕاوکێ و مەترسی وەزارەتی ناوەخۆی عێراق لە ترسی ئەوەی نەکا لە هەولێریش هەمان ڕووداو دووبارە ببێتەوە، بۆیە نامەیەکی نهێنی لەلایەن جەمیل مەدفەعیەوە بۆ موتەصەرفی شاری هەولێر نێردرا، بە مەبەستی ئارامکردنەوەی ڕەوشی هەولێر (قادر، 2013، 152). لەگەڵ ئەمانەشدا ڕاپەرینی 6ی ئەیلول بە وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە مێژووی سیاسی و نیشتیمانی باشووری کوردستان، چونکە بۆ یەکەم جار بوو، قورسایی کاری سیاسی و کوردایەتی بکەوێتە ئەستۆی قوتابیان و خەڵکی شارەکان، واتە لە عەشیرەتەکانی لادێوە گوێزرایەوە بۆ شار. ئەمەش بە قۆناغێکی دیکەی نوێی سیاسی لە مێژووی خەباتی کورد داندرا (شوانی، 2008، 85).

ئەم ڕووداوەی سلێمانی لە مێژووی کورد  بوو بە ڕۆژە ڕەشەکەی مانگی ئەیلولی ١٩٣٠ و لە هەمان کات بە لاپەرەیەکی ڕووناکی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد دادەنرێت، لە دوای ئەم ڕووداوانە کاردانەوەی ناڕەزایی کەسایەتیەکانی کوردی لێکەوتەوە، ڕۆژێک دوای ئەو ڕووداوە لە حەوتی ئەیلول، حەپسەخانی نەقیب بەبێ سڵاوکردن بروسەکیەکی بەپەلە بۆ مەندومی سامی بریتانیا لە سلێمانی نارد، لە بروسکەکەدا باس لە ڕەفتارە نابەجێ و دڕەندانەکان و دەڵێت: *"کام یاسا گەلێک تیرۆر دەکات لە ڕۆژی هەڵبژاردن؟"* هەروەها باس لە بێزاری گەلی کورد دەکات بەرانبەر بە هەموو ئەو ڕەفتارە نابەجێیانەی بەرانبەر بە کورد کراوە (مەزهەر، 2008، 193-194؛ قەرەناوی، 2022، 98) کەمال مەزهەر دەڵێت: *"شانازییە  بۆ گەلی کورد حەپسەخانی نەقیب یەکەم کەس بووە لە سەر خوێنی شەهیدانی ئەیلول هاتۆتە دەنگ و بروسکەکەی بێ سەلام دەست پێ کردووە"* ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێ کە حەپسەخان ناڕازی و تورەبوونێکی زۆری پێوە دیاربووە (مەزهەر، 2008، 193-194). لەلایەکی دیکە لە ١٧ی ئەیلول  شێخ محموودی بەرزنجی لە گوندی پیرانی ئەو دیوی سنوور (واتە لە کوردستانی ئێران) خۆی پێنەگیرا و نامەیەکی توندی ناڕەزایی بۆ نوینەری باڵای بریتانیا لە عێراق نارد، بە توندی سەرکۆنەی ئەو قەسابخانەیەی کردووە کە لە سلێمانی ڕوویدا، هەروەها لە نامەکەدا ئاماژە بە جیابوونەوەی کورد و دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆ لە باشووری کوردستان دەکات (هەروتی، 2006، 105). لە ئەنجامی ئەو توندوتیژیەی هێزەکانی عێراقی لە سلێمانی، بەشێکی خەڵکی ئەو شارە ڕوویان کردە شاخ و درێژەیاندا بە خەبات و بە ئامانجی ڕزگار کردنی کوردستان و ئامادە نەبوون لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکاری ژیان بکەن. ئەوەتا لە ١٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٣٠ نامەیەک لە شاخەوە ڕەوانەی شار دەکەن کە ڕەخنەیەکی توند لە سەردانی شا فەیسەل دەگرن، کە دەبوایە لە بری خوێنڕشتن نەخۆشخانە، قوتابخانە و شەقامی لە کوردستان بنیادنابوایە. داواش لە

هاوڵاتیانی شارەکە دەکەن کە بە هیچ شێوەیەک پێشوازی لە ناوبراو نەکەن ئەوەی ئەو کارەش بکات خیانەت لە کورد دەکات.

**سێیەم: ڕازیبوونی بەشێکی کورد بە پەیمانەکە**

ئەوەی تا ئێستا لە سەرچاوە مێژووییەکان دەربارەی هەڵوێستی عەشیرەتە کوردییەکان ئاماژەی پێدراوە، تەنها هەڵوێستی نارەزایەتی و داواکاری جێبەجێکردنی داواکاریی مافە بنەڕەتییەکانی گەلی کورد بووە. بەڵام لەم توێژینەوەیەدا سەرچاوەی جیاواز بەکارهاتووە کە زانیارییەکان ئەوە دەسەلمێنن، بەشێک لە عەشیرەتە کوردییەکان دانیان بە پەیمانەکە داناوە و فەیسەڵیان وەکو پادشای عێراق قبوڵ کردووە. ڕەنگە هۆکاری باس نەکردنی ئەو هەڵوێستە نەرێنییانە نەگەیشتبێتە دەست مێژوونووسەکان، یاخود نەوێراون باس لە کەم و کوڕی ئەو عەشیرەتانە بکەن کە هەڵوێستی جیاوازیان بەرانبەر دۆزی کورد هەبووە و چوونەتە بەرەی داگیرکار، لە ترسی تۆڵەی نەوەکانی ئەو عەشیرەتانە کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەدرێت، چونکە هیچ عەشیرەتێک ئامادە نییە خاڵە نەرێنییەکانی باب و باپیرانیان باس بکرێت.

لە ٢١ی تەمموزی ١٩٣٠ غازی کوری شا فەیسەل سەردانی هەولێری کردووە دوای مانەوەیەکی کورت چووبووە موسڵ لە نێوان ٢٣ تاوەکو ٢٨ی هەمان مانگ سەردانی ناوچە کوردییەکانی لیواکە کردووە لەوانە زاخۆ، دهۆک، سوارە توک، ئاکرێ، تەلەعفەر و شنگاڵ (Records, vol 8 , 20) بەپێی بەلگەنامەیەک لە ٢٧ی تەمموزی ١٩٣٠ شا غازی سەردانی سلێمانی کردووە و لەگەڵ هەریەک لە رەمزی، حاجی فەتاح و تۆفیق قەزاز کۆببووە, لە کۆبونەوەکەدا کوردەکان باسیان لەوەکردبوو, کە مافەکانی گەلی کورد لە بەندەکانی ٣ و ٤ لە کۆمەڵەی گەلان و بەندی ٣ لە پەیمانی ١٩٢٢ و بەندەکانی ١٠٩ و ١١٠ لە دەستوری بنەڕەتی عیراق دابینکراوە. ئەو مافانەش لەلایەن حکومەتی عیراق و دەسەڵاتی داگیرکاری بەریتانی لە پشتڕاستکراونەتەوە و ناسێنراون ، بەڵام کورد مافەکانی لەو پەیمانە فەرامۆشکراون، بۆیە

کوردەکانی سلێمانی نارەزایەتی خۆیان بە غازی جێنشین گەیاندووە لە بەرانبەر پێشێلکردنی مافە شەرعییەکانیان. میرزا تۆفیق لە کۆبونەوەکەدا داوای کوردەکانی داوە بە غازی کە پوختیکردۆتەوە لە دابینکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ لیواکانی کەرکوک، هەولێر و سلێمانی، هەروەها ناوچە کوردنشینەکانی سەروی موسڵ و دیالە. جێنشینی شا بەڵێنیدا کە داواکارییەکان بگەیەنێتە شا. کوردەکان هەمان داواکارییان بە بروسکە داوە بە کۆمەڵەی گەلان، دەسەڵاتی داگیرکاری بەریتانی و سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی عیراق (نوری سەعید). لە بەڵگەنامەکەدا ئەوە دوپاتکراوەتەوە کە بە شێوەیەکی گشتی خەڵکی سلێمانی رەفزیان کردۆتەوە بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن (Burdett, 2015, vol 7, 792). غازی کوری شا فیسەڵ هیچ پلەیەکی وەزیفی لە حکومەت نەبووە، بەڵکو وەکو جێنشینی شا فەیسەل نوێنەری عێراق و دەسەڵاتی داگیرکاری بریتانی سەردانی ئەو دەڤەرەی کردووە، بەڵام بەهۆی بوونی نارەزایەتی لە سلێمانی بە روونی ئەجێندای کۆبوونەوەکەیان دیاریکردووە. بە پێچەوانەوە ئەجێندا و بەرنامەی سەردانەکەی ناوبراو لە ناوچە کوردییەکانی سەروی موسل دیاری نەکراوە، سەردانەکەی لەو کاتەدا بۆ باشوری کوردستان دەرخەری ئەوەیە کە هەوڵی داوە باوەر بە عەشیرەتە کوردییەکانی بادینان و خەڵکی سلێمانی بکات تاوەکو هیچ کاردانەوەیەکی نەرێنی نەنوێنن بەرانبەر بە پەیمانی عێراق – بریتانی ١٩٣٠، بێگومان سەردانیکردنی ناوبراو سەنگ و قورسایی زۆری هەبووە چونکە کورد رێزی کوری شایان گرتووە.

لە هاوینی ١٩٣٠ شاندێکی هاوبەشی حکومەتی عێراق و نوێنەری باڵای بریتانیا لە عێراق Lt. Colonel Sir Frances Humphrys 1929-1932 و سەرۆک وەزیرانی عێراق نوری سەعید، جەمال بابان وەزیری داد، جەمیل مەدفعی وەزیری ناوخۆ و جەعفەر عەسکەری وەزیری بەرگری. سەردانی هەریەک لە شارەکانی کەرکوک، هەولێر و سلێمانییان کرد، بە مەبەستی رازیکردن و باوەر پێهێنانی کورد کە نوێنەرەکانی کورد خۆیان دەبینییەوە لە ئەندامانی ئەنجومەی

نوێنەران، سەرۆک عەشیرەتە کوردییەکان، پیاوماقوڵان و پیاوانی ئاینی پێکدەهات. هەر لەو چوارچێوەیەدا، بە پێی بەڵگەنامەیەکی بریتانی، بە مەبەستی کپکردنەوەی نارەزایەتییەکان شاندێکی هاوبەشی دەسەڵاتی داگیرکاری بریتانی و حکومەتی عێراق سەرەتا سەردانی کەرکوک دەکەن و لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکانی ئەو شارە کۆدەبنەوە. لە کۆبوونەوەکەدا محمد بەگی سەرۆک عەشیرەتی جاف, ئەوکاتە نوێنەری شاری کەرکوک بووە لە ئەنجومەنی نوێنەران و لە کەلار دانیشتووە، لە سەر داوای موتەسەڕیفی کەرکوک تەحسین عەسکەری ١٨٩٢–١٩٤٧ کە دەکاتە برای جەعفەر عەسکەری، چووەتە کۆبوونەوەکە، ڕەخنەیەکی توندی لە پەیمانەکە گرتووە و داوای کردووە کە بڕیاری کۆمەڵەی گەلان جێبەجێبکرێت کە دامەزراندنی ناوچەیەکی خۆبەڕێوەبردنە بۆ باشووری کوردستان. بەڵام جەمال بابان کۆبوونەوەکەی کۆتایی پێهێناوە و گوێیان بۆ داواکارییەکەی نەداوە (جیاوک، ٢٠٠٨، ١٠٩–١١٠). شاندێکی دیکە لە ڕۆژی ٦ی ئابی ١٩٣٠ بەرنامەی سەردانی هەولێریان هەبووە بە مەبەستی بەشداریکردن لە دوو کۆنفرانس، کە یەکەمیان لەگەڵ پیاو ماقووڵان و بەرپرسە کارگێڕی و سیاسییەکانی هەولێر و دەوروبەری بووە، ئەجێندای کۆبوونەوەکە گفتوگۆکردن بوو دەربارەی پرسی کورد و ئامانج و خەونەکانی لە هەموو گۆشە نیگاکانەوە. هەرچی کۆنفرانسی دووەمە تەرخانکراوە بۆ گوێگرتن لە ژمارەیەکی کەم لە ئاغا و پیاو ماقولانی هەولێر و دەوروبەری بە مەبەستی گوێگرتن لە سکالا و پێشنیارەکانی خەڵک کە نەتوانراوە گوێیان لێبگیرێت لە کۆنفرانسی یەکەمدا (Burdett, 2015, vol 8, 34-35).

دوابەدوای ئەو توندوتیژی و پێکدادانەی شارە کوردییەکانی گرتەوە، بە تایبەتی شاری سلێمانی و ڕاپەڕینەکەی بەر دەرکی سەرا، ڕاستەوخۆ دوای دوو هەفتە، بەشێک لە سەرۆک عەشیرەت و پیاو ماقولانی شاری کەرکوک، وەک: سەرۆک عەشیرەتی جەباری سەعید محمد ئەفندی، عەشیرەتی زەنگەنە عبدالكريم وادی أغا، عەشیرەتی هەمەوەند سليمان أغا، عەشیرەتی شوان رشيد أغا، عەشیرەتی داودە محمد ئەمین أغا، عەشیرەتی شیخان عەلی أغا (دار الكتب

١٨، ايلول، ١٩٣٠, 8301), ئەو سەرۆک عەشیرەتانە ڕەزامەندی خۆیان نیشاندا بەرانبەر بە هاوپەیمانی نێوان عێراق و بریتانیا، هەروەها ڕەزامەندبوون بەوەی لەگەڵ نەتەوەی عەرەبدا بەیەکەوە لە ژێر یەک سەرۆک و یەک ئاڵا کۆببنەوە، هەروەک لە بەڵگەنامەکە هاتووە دەڵێن *"ئێمە کە لە خوارەوە ناو و واژومان هاتووە وەکو سەرۆک عەشیرەتەکانی کەرکوک، بڕیاردەدەین و دان دەنێین بە ڕەزامەند بوون لە هەڵبژاردنی مەلیکی خاوەن شکۆی عێراق سەری خۆمان دادەنوێنین و وەکو پاشای عێراق فەیسەڵی یەکەم دەناسین. وەکو نوێنەری باڵا هەموو فەرمانەکانی جێبەجێ دەکەین هەرگیز پەیوەندیەکانمان لەگەڵ حکومەتی عێراقی ناپچڕێنین لە ژێر ئاڵای عێراق دەبین و پارێزگاری لە یەکێتی خاکەکەی دەکەین"* (دار الكتب ١٨، ايلول، ١٩٣٠, 8301). ئەم هەڵوێستەی سەرۆک عەشیرەتەکانی کەرکوک، دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان وەک لە دەستدان یاخود وەرگرتنی پلە و پایە و پۆست و نزیکبوونەوە لە دەسەڵاتی پاشای عێراق.

لەلایەکی دیکەوە، بە پێی بەڵگەنامەیەک کە تیایدا هاتووە ئەو سەرۆک عەشیرەتانە لەبەر بەرژەوەندیی گشتی خەڵکی کورد ئەو هەڵوێستەیان گرتۆتەبەر، چونکە لەو ماوەیە ڕووداو گەلێکی ناخۆش بە سەر کورد داهاتووە بووەتە ناسەقامگیری و نائارامی بۆ ناوچە کوردنشینەکان، یەکێک لەو ڕووداوانە، ڕووداوی ٦ی ئەیلول کە لە سلێمانی ڕوویدا بۆ ئەوەی چیتر هاوشێوەی ئەو ڕووداوانە دووبارە نەبێتەوە، وا پێویست دەکات لەگەڵ عێراق هەرچۆنێک بێت دەبێت لە ژێر یەک ئاڵا هەڵبکەین وەک لە دەقی بەڵگەنامەکەدا هاتووە و دەڵێت *"ئەو ڕووداوانەی بەو دواییانە ڕوویدا، نەبوونە هۆی ئاسوودەبوونی ویژدانی هیچ عێراقیەک، لە کۆتاییدا ئێمەی عەشایەر دڵنیایت پێدەدەین لە دڵسۆزی و گوێڕایەڵی و لە خودای گەورە داواکارین پاشاو ئەندامانی حکومەتی عێراق لە کارەکانیان سەرکەوتووبن"*. (دار الكتب، ١٨ ايلول، ١٩٣٠، رقم الملفة، 8301, رقم التصنيف، 32025،). پێدەچێت ئەم بۆ چوونە زیاتر نزیک بێت لە

ڕاستیەوە، چونکە لە پێش ڕووداوەکەی 6ی ئەیلول ئەو سەرۆک عەشیرەتانەی کەرکوکیش لەگەڵ وەرگرتنی مافی کورد بوونە، چونکە ئەحمەد خواجە لە کتێبی (چیم دی) دا باس لەو کاتەی دەکا کە مەندوبی سامی بریتانیا و وەکیلی سەرۆک وەزیرانی عێراق هاتوونەتە کەرکوک بە مەبەستی دڵنیایدان بە کوردان گوایە بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلان جێبەجێدەکرێت کە بە کوردیان داوە، لەو کاتە محمد بەگی جاف وەک سەرۆکی عەشیرەتی جاف هەڵدەستێتە سەر پێی و دەڵێت *"بەندە لێرە تەمسیلی عەشیرەتێکی زۆر گەورەی وەک جاف ئەکەم غیری ئەویش رۆئەسای داوەدە و زەنگەنە و جەباری و شوان رۆئەسای کوردان لەم مەجلیسە حازرن بەیەک وجود و یەک زوبان داوای تەتبیقاتی مقەڕراتی (عصبەت الأمم) ئەکەین ئەمە حەقمانە و ئەم حەقەمان دەوێت"* (خواجە، 2013، بەرگی یەکەم، 265). بەڵام لە دوای مانگێک و حەوت ڕۆژ بەسەر ڕووداوەکەی شەشی ئەیلولی ساڵی 1930 و بیست و پێنج ڕۆژ دوای نامەی ڕازیبوون و گوێڕایەڵیەکەی سەرۆک عەشیرەتەکانی کەرکوک، نامەیەکی بەپەلە لەلایەن نیشتیمانپەروەرانی کورد لە شاخەوە دەگەیەندرێتە شار٩، کە تیایدا هاتووە" *دڵی سەخن و مەردانەی کورد وەکو خۆی موحتاجی سەدەقەی ئەولای ئەو مەلیکە درۆزنە نی یە کە مەدینەی منوەری بە مەرقەدی باپیری و بە پێغەمبەری ئیسلامەوە بە روپیە فرۆشت وەتەنی کورد ئەوەندە بێ وەتەنیە کە وەک ئەو وتەنی باوباپیری بە تاجێکی درۆزنانەی عێراقی گۆڕیەوە. ئەو کوردانەی کە بە خێرهاتنی قاتلی شەهیدەکانیان ئەکا، لەو بێ وەتنە بێ وەتەنتر لەو بیدینی و لەو بێ ئەسڵترە، ئیتر ئەمەش لە سەریان فەرز ئەبێ کە حەقی خوێنی گەشی شەهیدە مەزلومەکان لەو قاتل و دوژمن کوردانە ئەسێنین حەق لەگەڵمانە..."* لێرە (دار الکتب، ١٣ی ١٠- ١٩٣٠ ، ژمارە ب ١٠)، رقم الملفة، 8301, رقم التصنیف، 32025، ئەوەش دەرخەری ئەوەیە کە شا فەیسەل ویستویەتی سەردانی شاری سلێمانی بکات، بە مەبەستی هێورکردنەوەی ئەو بارودۆخە تووڕە و بریندارەی کە سلێمانی پێیدا تێپەڕیوە، بە هۆی کارەساتی شەشی ئەیلولی ١٩٣٠. دیارە هەندێک کورد ئامادە بوون کە

پێشوازی لە ناوبراو بکەن، ڕەنگە ئەوەش بە هۆی ئەوە بوو بێت کە بەرژەوەندیی مادی و دەسەڵات گرێی دابن بە حکومەتی عێراقەوە.

جگە لەو سەرۆک عەشیرەتانەی کەرکووک کە ناویانهێندرا لە سەرەوە، بە شێک لە دانیشتوانی هەولێر و سلێمانی لایەنگری حکومەت بوون و هیچ ناڕەزایەتیەکیان بەرانبەر بە حکومەت نەبوو. بە پێچەوانەوە بەڵکو دڵسۆزی و پشتگیری خۆیان بە ئاشکرا بەرانبەر بە دەسەڵاتداران نیشاندەدا، بە تایبەتی لە دوای ئەوەی کە شا فەیسەڵی یەکەم لە ١ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠ لە لەندەن لە چارەسەری نەخۆشییەکەی گەڕایەوە، هەریەک لە ئیبراهیم یوسف و عەبدوڵلا ئەفەندی، بە مەبەستی بەخیرهاتنەوە و پرسین لە ڕەوشی تەندروستی شا فەیسەل سەردانی شاری بەغدایان کرد، لە هەمان کات و بۆ هەمان مەبەست نوێنەرانی سلێمانیش سەردانی شاری بەغدایان کردووە (قادر، 2023، 153-154).

هەندێک لە دەستەبژێر و ڕۆشنبیرە کوردەکان هەڵوێستێکی دوو سەرەیان هەبووە لەلایەک لەگەڵ حکومەتی عێراق و بریتانی بونە، لەلایەکی دیکە لەگەڵ کوردەکان واژۆی بەیاننامەی سەربەخۆیان کردووە بە نموونە: جەمال بابان لەگەڵ شاندی عێراقی بریتانی سەردانی ناوچە کوردییەکان کردووە، بە سیفەتی ئەندامێکی باڵای شاندی حکومەتی عێراق (وەزیری داد) لە کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆک عەشیرەت و پیاو ماقوڵانی هەولێر بە تایبەتی لەلایەن مەعروف جیاوکەوە جەمال بابان ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی توند بووە,چونکە داوای سەربەخۆیی بۆ کورد کردووە، بەڵام لە کۆبوونەوە هاوبەشەکەدا بەیاننامەی هاوبەشی هەردوو شاندەکەی خوێندۆتەوە، بە تەنزەوە جیاوک پرسیاری لێکرد, کە ئەوە لەگەڵ واژۆ بۆ سەربەخۆیی کورد یەکتر ناگرێتەوە. بۆیە ئامادەبوون پێدەکەنن و جەمال بابان عەرەقەی شەرمەزاری لێ دەچۆڕێتەوە، تەنانەت لەسەر داوای معروف جیاوک کارمەندێکی بریتانی بە ناوی مستەر (کجنک) واژۆی جەمال بابان لە فایلێکی هەڵگیراو دەدۆزێتەوە (جیاوک، 2008، 116). لە بەڵگەنامەیەکی

بریتانی ئەوە دووپات کراوەتەوە کە جەمال بابان لەگەڵ مەعروف جیاوک بە نێو سەرۆک عەشیرەتە کوردییەکانی سەرسنووری ئێران گەڕاوە، تاوەکو قناعەتیان پێ بهێنێ لە پشتگیری کردنیان لە دامەزراندنی پارتێکی کوردی (Burdett, 2015, Vol 7, 540) هەروەها لە کۆبوونەوەی شاندی عێراقی و بریتانی لە ئابی ١٩٣٠ لە کەرکوک، کە ڕۆژێک پێش کۆبوونەوەی هەولێر بەستراوە، شێخ حەبیب ئەفەندی تاڵەبانی پشتگیری عێراقی یەکگرتووی کردووە، ئەحمەد خەواجە هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە، کە ناوبراو فەرمانبەر و ناچار بووە لەبەر بەرژەوەندیی خۆی ئەو هەڵوێستە بنوێنێت (خواجە، 2013، بەرگی یەکەم، 265). دەکرێت هەر ئەو هۆکارەش پاڵی بە جەمال بابانەوە نابێت، کە پشتگیری عێراقی یەکگرتوو بکات و داوا لە کورد بکات کە بچنە پاڵ دەوڵەتی داهاتووی عێراق، چونکە پلەی کارگێڕی ناوبراو وەزیری داد بووە لە حکومەتی عێراق. هەر لە کۆبوونەوەی ئابی کەرکوک دوای مشتومڕێکی زۆر  بە تایبەتی لە نێوان محمد بەگی جاف و شاندی هاوبەشی عێراقی و بریتانی. جەعفەر عەسکەری وەزیری بەرگری و ئەندامی شاندەکە ڕوو کردۆتە ناوبراو و پێی دەڵێت *"بە شەرەفی حکوومەت و خۆم تەئمینت ئەکەم کە بە تەواوی موقەرەراتی عوصبەتولئومەمتان بۆ تەطبیق ئەکرێ وە ئەم لیوایەش ئیستیفادەی لێ ئەکات و محمەد جافیش لە جوابدا وتی: سا باشە تەشەکورتان ئەکەم."* (خواجە، 2013، بەرگی یەکەم، 265). ئەو بەڵێنە بێ بنەما و نووسراوانە و سوێندە ناڕاستانە تەنها لە پێناو خاوکردنەوەی تووڕەیی کورد بووە و هیچ بنەمایەکی دیکەی فەرمی و دانپێدانراوی نەبووە.

**ئەنجام:-**

1 – توێژینەوەکە گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە  لە ناو کۆمەڵگەی کوردی لەساڵی ١٩٣٠دا خاوەن یەک هەڵوێستی یەکگرتوو نەبووە؛ ململانێی نێوان بەرژەوەندیی خێڵەکی و ناوشیاریی نەتەوەیی بووەتە هۆی دابەشبوونی نێوخۆیی، کە ئەمەش کاریگەریی نەرێنی هەبووە لەسەر لاوازبوونی پێگەی کورد لە بەرامبەر دەوڵەتی عێراق و بریتانیادا.

2- بەپێی بەڵگەنامەکان، بۆچوونەکەی (مارتین ڤان برۆنەسن) لەسەر چۆنیەتی دروستبوونی خێڵ پشتڕاست کرایەوە؛ دەرکەوت کە دڵسۆزیی بەشێکی زۆری سەرۆک خێڵەکان بۆ دەسەڵاتی ناوەندی، لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندیی مادی و دەسەڵاتی ناوچەیی بووە، نەک لەسەر بنەمای بەها نەتەوەییەکان.

3- توێژینەوەکە بەوڕاستییە گەیشت کە بریتانیا بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی خۆی و پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق، بە ئەنقەست هەموو ئەو بەڵێن و مافە کەلتووری و کارگێڕییانەی پشتگوێ خست کە پێشتر کۆمەڵەی نەتەوەکان (١٩٢٥) بۆ کوردی باشوری کوردستان بڕیاری دابوو.

4- کە حکومەتی عێراق و بریتانیا دووسیاسەتی هاوتەریبیان بۆ مامەڵە لەگەڵ کورد بەکارهێناوە؛ بەکارهێنانی توندوتیژیی سەربازی بۆ سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکان (وەک لە سلێمانی ڕوویدا)، و لە بەرامبەردا بەکارهێنانی پۆست و ئیمتیازی مادی بۆ ڕاکێشانی سەرۆک عەشیرەتەکان بۆ ناو کاروباری سیاسیی عێراق.

5- دەرکەوت کە ترسی بریتانیا لە کاردانەوەی تورکیا و ئێران، فاکتەرێکی سەرەکی بووە لەوەی کە ناوی کورد وەک پێدانی ماف, بە هیچ شێوەیەک لە دەقی فەرمیی پەیماننامەی ١٩٣٠دا نەهێنرێت، تاوەکو هانی بزووتنەوەی جوداخوازی لەو وڵاتانە نەدات و پەیوەندییەکانی لەگەڵیان تێک نەچێت.

6- ڕووداوە خوێناوییەکەی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ لە سلێمانی بەردەرکی سەرا، خاڵێکی وەرچەرخانی مێژوویی بوو کە تێیدا قورسایی بزووتنەوەی کورد لەجووڵانەوەی چەکداریی خێڵەکی لە شاخەوە گوازرایەوە بۆ خەباتی مەدەنی و سیاسیی نێو شار بە ڕێبەرایەتی قوتابیان و ڕۆشنبیران.

7- تا ئێستا لە سەرچاوەکان تەنها ئاماژە بە دژایەتی و نارەزایەتی کورد کراوە بەرانبەر بە پەیمانی عێراقی - بریتانی ١٩٣٠، بەڵام بە دەرکەوتنی هەندێک بەڵگەنامەی نەهێنی ئەوە دەردەکەوێت کە بەشێک لە عەشیرەتە کوردییەکان لەگەڵ عێراق وەستاونەتەوە و نەرمیان نواندووە بەرانبەر بەو پەیماننامەیە.

**پەراوێزەکان:**

1- سەردەمی داگیرکاری بەریتانی لە ساڵی ١٩١٤ بریتانیا بە داگیرکاری سەربازیی بەسرا دەستی پێکرد و تا ساڵی ١٩١٨ تەواوی عێراقی گرتەوە، بەڵام قۆناغی فەرمیی ئینتیداب

(ماندێت) لە ساڵی ١٩٢٠ و دوای کۆنفرانسی سان ڕیمۆ بەسەر عێراقدا سەپێنرا. ئەم دۆخە ڕووبەڕووی بەرگریی توند و شۆڕشی بیست بووەوە، کە بەریتانیای ناچار کرد لە ساڵی ١٩٢١دا بەرەو دامەزراندنی حکومەتێکی نیشتمانی و سیستەمی پاشایەتی هەنگاو بنێت. لەنێوان ساڵانی ١٩٢٢ تا ١٩٣٠، ئینتیداب لە ڕێگەی چەند ڕێککەوتننامەیەکەوە ڕێکخرایەوە تا شەرعییەت بە دەسەڵاتی بەریتانیا و جێگیرکردنی سنوورەکانی عێراق بدرێت. واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٣٠ وێستگەی کۆتایی ئەم قۆناغە بوو کە زەمینەی بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئینتیداب خۆش کرد. دواجار لە ساڵی ١٩٣٢دا عێراق وەک دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری چووە ناو کۆمەڵەی نەتەوەکان و بەمەش بە فەرمی کۆتایی بە سەردەمی ماندێت (ئینتیداب) هات (للمزيد من المعومات انظر:- احمد و حميدى، ١٩٨٩) .

2 - شایەنی باسە لە بەڵگەنامە بڵاوکراوەکەی بەریتانی ئاماژە بە ناوی ئەو شەش ئەندام پەرلەمانە کوردەکان نەکراوە, بەلکو تەنها بە ژمارە ئاماژەی پێداوە.

3 - لە پاڵ ئەو هۆکارە هۆکاری خێزانی و دەرونیش پاڵنەر بوون کە عبدالمحسن سعدون خۆی بکوژێت. بۆ زانیاری زیاتر بروانە إنتحـار عبد المحسن السعدون.. الاسباب والنتائج last accessed 27-01-2025 . https://media-iraq.org/news-188.html

4 - عەباس مەحمود ئاغا:- یەکێک لە ئاغا دیارەکانی ناوچەی پشدەرە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا. ناوبراو بە لە لایەنگری شێخ مەحمودی حەفید و شۆڕشەکەی دادەنرێت؛ ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە ڕێکخستنی هێزی عەشایەری بۆ پشتیوانی لە مافە نەتەوەییەکانی کورد. عەباس ئاغا بە هەڵوێستە توندەکانی بەرانبەر بە هەژموونی بەریتانیا و حکومەتی ناوەندیی عێراق ناسرابوو، بە جۆرێک کە بە هەموو شێوەیەک بەرهەڵستی لە گەڕانەوەی دامودەزگاکانی دەسەڵاتی حکومەتی بۆ ناوچەی پشدەر کردووە و ڕێگەی نەداوە دەسەڵاتی ناوەند بە ئاسانی بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنرێت، ئەمەش وایکردبوو ناوچەکەی ببێتە پەناگەیەکی ئارام بۆ شۆڕشگێڕان و مەڵبەندێکی گرنگی بەرگری لەو قۆناغە مێژووییەدا (قادر, ٢٠١٣, ١٤٠, ١٤١, ١٤٣, ..هتد)

5 - ناحیەی ناودەشت:- یەکێکە لەو شەش ناحیەی قەزای پشدەر لە ئیدارەی ڕاپەرین لە پارێزگای سلێمانی, ناوەندەکەی شارەدێی سەنگەسەرە.

6 - جعفر ئەبو تومەن:- کەسایەتییەکی سیاسی و نیشتمانپەروەری دیاری عێراقە لە ساڵی ١٨٨١ لە دایکبووە, ناوبراو سەرۆکی حزبی وەتەنی (الحزب الوطني) بووە. ڕۆڵێکی مێژوویی و کاریگەری گێڕاوە لە شۆڕشی ١٩٢٠ی عێراق و یەکخستنی هەڵوێستی نەتەوەیی دژ بە

داگیرکاریی بەریتانیا. ئەبو تومەن بە یەکێک لە نەیارە سەرەکییەکانی پەیماننامەی ١٩٣٠ی نێوان عێراق و بریتانیا دادەنرێت؛ لەبەر ئەوەی بڕوای وابوو پەیماننامەکە سەربەخۆیی ڕاستەقینە بە عێراق نابەخشێت. لە هەڵبژاردنەکانی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠ دا، وەک ناڕەزایەتی بەرامبەر بە دەستێوەردان و ساختەکارییەکانی حکومەتی نوری سەعید بۆ تێپەڕاندنی پەیماننامەکە، بڕیاری کشانەوەی لە پرۆسەی هەڵبژاردن دا. ناوبراو بە لایەنگری مافی پێکهاتەکان و یەکپارچەیی خاکی عێراق دەناسرێت بڕوانە: عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج٣، ط٧، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٨، ص ص٢١-٢٥.

7 - کۆمەڵەی پشتیوانی کوردان:- ڕێکخراوێکی سیاسی-نەتەوەیی کوردی بوو، لە ٢ی تەمووزی ١٩٢٢ لە شاری سلێمانی مۆڵەتی فەرمی کارکردنی وەرگرت. ئەم کۆمەڵەیە لە سەردەمێکی هەستیاردا دامەزرا کە هاوکات بوو لەگەڵ هەوڵەکان بۆ دامەزراندنی دووەم کابینەی حکومەتەکەی شێخ مەحمودی حەفید. ئامانجی سەرەکی کۆمەڵەکە بریتی بوو لە یەکخستنی ڕیزەکانی گەلی کورد، داکۆکیکردن لە مافە نەتەوەییەکان، و پشتیوانیکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە دژی سیاسەتەکانی ئیستیعماری بەریتانیا. کۆمەڵەکە ڕۆڵێکی دیاری هەبوو لە بەرزکردنەوەی هۆشیاری سیاسی و کۆکردنەوەی پشتگیری جەماوەری بۆ داواکارییەکانی کورد لەو قۆناغە مێژووییە (قادر, ٢٠١٣, ٢٥٦, ٢٥٧,٢٥٨).

8 - جەمال ڕەشید عەبدوڵلا بەگ خالید ئەحمد پاشای بابان زادەیە, لە ساڵی ١٨٩٣ لە بەغدا لەدایکبووە, ناوبراوکۆلێژی یاسای لە ساڵی ١٩١٤ بڕوانامەی بەدەستهێناوە, ناوبراو هەر لەساڵی ١٩١٤ گۆڤارێکی بە ناونیشانی (بانگی کورد) بە زمانی کوردی و تورکی مانگی دووجار دەرکردووە, تەنها پێنج دانەی لێوە دەرچووە. جەمال ڕەشید چەندین پلەی سیاسی و کارگێڕی وەرگرتووە, لە ماوەی ساڵانی ١٩٢٠ تا ١٩٢٥ لە چەندین ناوچەی عێراق حاکماییەتی کردووە, دواتر لە ساڵی ١٩٢٦ بە نوێنەری شاری هەولێر بۆ ئەنجوومەنی نیشتیمانی هەڵدەبژێردرێت, لە ساڵی ١٩٣٠ دەبێتە وەزیری داد لە حکومەتی نوری سەعید, دواتر دەبێتەوەزیری کاروباری کۆمەڵایەتیش. جگە لەوانە ناوبراو چەندین پلەی دیکەی سیاسی و کارگێڕی لە ژیانیدا وەرگرتووە. لە ساڵی ١٩٥٨ وەک پارێزەرێکی ناسراوی عێراق دەمێنێتەوە تا لە ساڵی ١٩٦٥ لە بیروت کۆچی دوایی دەکات (بەسری، میر, ٢٠٠٩، ١٩٨-١٩٩).

9 - لەپاش ڕەشەکوژی ٦ی ئەلولی ١٩٣٠ کۆمەڵە کوردێکی نیشتیمانپەروەر چوونە ناوچە شاخاوییەکانی دەوروبەری سلێمانی و ڕازی نەبوون لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عێراق و

داگیرکاری ئینگلیز ژیان بەسەربەرن و لەویەوە دەستیانکرد بە خەبات (دار الکتب، ١٣ی ١٠-١٩٣٠ ، ژمارە ب ١٠، رقم الملفة، 8301, رقم التصنيف، 32025).


## لیستی سەچاوەکان

### بەلگەنامە بڵاونەکراوەکان

- دار الكتب والوثائق الوطنية – العراقية. (١٨، ايلول، ١٩٣٠)، وزارة الداخلية، الديوان، رقم الملفة، 8301, رقم التصنيف، 32025، سياسة الموظفون، ١٩٣٠-١٩٣٠.
- دار الكتب والوثائق الوطنية – العراقية. (لە شاخەوە ١٣ی ١٠- ١٩٣٠، ژمارە ب ١٠)، وزارة الداخلية، الديوان، رقم الملفة، 8301, رقم التصنيف، 32025، سياسة الموظفون، ١٩٣٠-١٩٣٠.

**Unpublished Archives**

- The National Archives, FO 371/4192 Precis of affairs in southern Kurdistan during the Great War.

**Published Archives**

- A.L.P. Burdett, 2015, Records of the Kurds Territory, Revolt and Nationalism 1831-1979, British Documentary Sources, first published 2015, Cambridge, Air Staff Intelligence Subject Mulla Effendi of Arbil On December 16th Special paid visit to Mulla Effendi Badawah Office of Special Service Officer Arbil Dated the 17th December 29 Vol, 7, 1927-1930, 537 - 536.
- A.L.P. Burdett, 2015, Records of the Kurds Territory, Revolt and Nationalism 1831-1979, British Documentary Sources, first published 2015, Cambridge, Extract from Special Mosuls Report 24.12.1929 Vol ,7 1927-1930, 540.
- A.L.P. Burdett, 2015, Records of the Kurds Territory, Revolt and Nationalism 1831-1979, British Documentary Sources, first published 2015, Cambridge, Part 1. Kurdish nationalism Air Staff 13.02.1930 Vol ,7 1927-1930, 573.
- A.L.P. Burdett, 2015, Records of the Kurds Territory, Revolt and Nationalism 1831-1979, British Documentary Sources, first published 2015, Cambridge, Summery of Kurdish Aspiration April .1929 Vol ,7 1927-1930, 577.
- A.L.P. Burdett, 2015, Records of the Kurds Territory, Revolt and Nationalism 1831-1979, British Documentary Sources, first published 2015, Cambridge, S.S. O’s House Mosul. 8/2/30. Secret Vol ,7 1927-1930, 581-583.
- A.L.P. Burdett, 2015, Records of the Kurds Territory, Revolt and Nationalism 1831-1979, Message from Sulaimanieh, Secret Vol ,7 1927-1930, 27. 7. 30. 792.

- A.L.P. Burdett, 2015, Records of the Kurds Territory, Revolt and Nationalism 1831-1979, Secret Vol, 8, 1930-1939, Air Headquarters, Iraq Command HINA IDI, Summary of Intelligence, Najd and Southern Desert, Dated 4th August, 1930, 19-20.
- Records of the Kurds Territory, Revolt and Nationalism 1831-1979, British Documentary Sources, Editor A.L.P. Burdett, vol 8, 1930-1939, Memorandum, Visit of H. E. the high commissioner and the prime minister, dated the 6th August 1930, 34-35.

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**

- ئەحمەد، زاگرۆس، (2021)، مێژووی عێراق (1914–1958)، چاپی دووەم، چاپخانەی میدیا.
- برونسن، مارتین فان, (١٩٩٩), ئاغاو شێخ و دەوڵەت, وەرگێرانی کوردۆ, چاپی دووەم, بەرگی یەکەم, سلێمانی.
- تریب، تشارلز، (2010)، چەند لاپەرەیەک لە مێژووی عێراق، هەولێر، چاپخانەی رۆژهەلات.
- جەمال قەفتان، مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمرۆ، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.
- جیاوک، معروف (2008). کارەساتی بارزان زولملێکراو ١٩٥٤، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی، ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل، هەولێر.
- جیهانی، ئومێد ناسح، (2017)، سیاسەتی بریتانیا بەرانبەر بە عێراق لە نێوان ساڵانی (1921-1933) کاریگەری لە سەر پرسی کورد، چاپخانەی تاران.
- خواجە، ئەحمەد، (2013)، چیم دی، شۆرشەکانی شێخ مەحمودی مەزن، هەولێر، دەزگای بڵاوکردنەوەی ئاراس.
- ساڵح، ئازاد عوبێد، (2012)، رۆڵی سیاسی و کارگێری و رووناکبیریی مەعروف جیاوک (1885–1958)، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.
- شوانی، ئاکۆ عەبدولکەریم، (2008)، شاری سلێمانی (1932–1945) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی – سیاسی، سلێمانی چاپخانەی تیشک.
- عەزیز, رەنجدەر محمد, تۆفیق, حەمە صالح, (٢٠٢٥), دەربارەی باشوری کوردستان, نووسین – بەلگەنامە- راپۆرتی مێژوویی بەریتانی, چاپخانەی کاردۆ, سلێمانی.
- عەلی، عوسمان، (2010)، چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، وەرگێرانی کامەران جەمال بابان، چاپخانەی رێ نوێ.
- قادر، مهدی محەمەد، (2013)، هەولێر لە ساڵانی (1926– 1939)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- قەرەناوی، بەشدار عمر، (2022)، رۆڵی سیاسی و کۆمەلایەتی ژنی کورد لە باشوری کورستان (1921–1958)، هەولێر، چاپخانەی هێڤی.
- ماکداوڵ، دەیڤد، (2019)، مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێرانی، د. ئەبوبەکر خۆشناو، چاپی سێیەم، هەولێر، چاپخانەی ئاودێر.
- مەزهەر، کەمال، (2008)، کوردو دوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی حکومەتی بریتانیا، ئامادەکردنی عەبدوڵڵا زەنگەنە و شەهلا تاهیر حیدەری، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان.

- نەبەز، جەمال، (2007)، کوردستان و شۆڕشەکانی، هەولێر، چاپی سێیەم، چاپخانەی منارە.
- هەروتی، سەعدی عوسمان، (2006)، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
- بەسری، میر, (٢٠٠٩), ناودارنی کورد، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، عەبدولخالق عەلائەدین، هەولێر.

**الكتب العربية**

- الصطر، جاسم حسين، (2009)، شيخ العشيرة دورة السياسي في العراق في السنوات الانتداب البريطاني، دار الفرات للطباعة في الحلة.
- عيسى، حامد محمود، (2005)، القضية الكردية في العراق من الاحتلال البريطاني الي العزو الأمريكي, القاهرة, مكتبة مدبولي.
- الحسني، عبد الرزاق (1983) العراق في ظل المعاهدات .ط6. بيروت: دار الكتب.
- احمد، إبراهيم خليل، مع حميدى، جعفر عباس، (١٩٨٩)، جامعة الموصل.

**English Books**

- Philip S. Khoury and Joseph Kostiner, Tribes and State Formation in the Middle East, University of California Press, http://ark.cdlib.org/ark:/13030/ft0d5n99hf/, Last accessed, 13-12-2023.
- League of Nations, Question of the frontier between Turkey and Iraq: Report submitted to the council by the commission instituted by the council Resolution of September 30, 1924, Geneva: League of Nations: C.400. 1925, VII.no. 147.
- lyon, Wallace. (2002), Kurds, Arabs and Britons, D.K. Fieldhouse, London.

**Internate Websites:**

- https://media-iraq.org/news-188.html إنتحار عبد المحسن السعدون.. الاسباب والنتائج last accessed 27-01-2025 .
- https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=269998#google_vignette من ذاكرة التاريخ: هكذا فرض نوري السعيد معاهدة 1930 على العراق ونال ثقة المحتلين البريطانيين حامد الحمداني accessed 27-11-2025.

# موقف الأكراد من المعاهدة العراقية – البريطانية لعام 1930

مدرسة المساعدة. نوروز ياسين محمد، العمل قسم علوم - الإجتماعيات - كلية تربية الأساس - جامعة صلاح الدين – أربيل، nawroz.mohammed@su.edu.krd

أ. م. د. رسول محمد رسول خەليفانى، قسم الدراسات الاستراتيجية التاريخية، الآثارية والتراثية - كلية الآداب - جامعة سوران، rasoul.rasoul@soran.edu.iq

**الملخص**

تُعدّ المعاهدة العراقية–البريطانية المؤرخة في 30 حزيران 1930 محطةً مهمة في التاريخ الحديث للعراق، إذ مهّدت الطريق لاستقلاله الرسمي عن الانتداب البريطاني وانضمامه لاحقًا إلى عصبة الأمم. وعلى الرغم من أهميتها، فإن المعاهدة لم تتطرق إلى الحقوق السياسية والإدارية للسكان الأكراد في جنوب كردستان. تتناول هذه الدراسة ردود أفعال ومواقف الأكراد تجاه هذه المعاهدة، وتُظهر أن غالبية الأكراد عارضوها، وذلك أساسًا لأنها تجاهلت تطلعاتهم القومية واستبعدت أي نصوص تتعلق بالحكم الذاتي السياسي أو الإداري للأكراد. وفي المقابل، سعت السلطات العراقية والبريطانية إلى احتواء حالة الاستياء الكردي من خلال جهود دبلوماسية. تعتمد الدراسة على التحليل التاريخي والمنهج الزمني لتتبع هذه التطورات. وتُبيّن النتائج أن الموقف الكردي لم يكن موحدًا؛ إذ عارضت النخب الكردية المعاهدة بشكل فعّال من خلال إصدار مذكرات احتجاج وتشجيع التظاهرات الشعبية، في حين أبدى عدد محدود من العشائر الكردية دعمًا للمعاهدة. وفي 6 أيلول/سبتمبر 1930، بلغت الاحتجاجات الكردية ذروتها بخروج تظاهرات واسعة، قوبلت بقمع عنيف من قبل القوات العراقية، مما أسفر عن سقوط ضحايا بين المتظاهرين.

**الكلمات المفتاحية :**المعاهدة العراقية–البريطانية في 30 حزيران 1930، العشائر الكردية، الدبلوماسية البريطانية، استقلال العراق، الحركات السياسية الكردية.


## پاشکۆیەکان

پاشکۆی ژمارە 1



(دار الكتب والوثائق الوطنية – العراقية، (١٨، ايلول، ١٩٣٠)، وزارة الداخلية، الديوان، رقم الملفة، **8301**, رقم التصنيف، **32025**، سياسة الموظفون، ١٩٣٠-١٩٣٠.)

پاشکۆی ژمارە 2



(دار الكتب والوثائق الوطنية – العراقية. (له شاخەوه ١٣ى ١٠– ١٩٣٠، ژماره ب ١٠)، وزارة الداخلية، الديوان، رقم الملفة، 8301, رقم التصنيف، 32025، سياسة الموظفون، ١٩٣٠–١٩٣٠.)